www.kurdistannet.org
5-11-2007 21:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هۆنراوەیەك بۆ گۆرانی دوانە بێژیی (دویتۆ) لە نێوان دوو هونەرمەندی هەردوو ڕەگەزەکەدا

**دابڕان ... سالار جەوهەر**

Salar74.j@hotmail.com

کوڕ:
لەکوێ خەم وای لی ئەکردین گەر شۆخێنیی عەشق نەبا
نەمن بۆ تۆ ئەبووم بە خۆر نەتۆ بۆ من ئەبووی بەبا
ئەی ئەمێستا چ ئاستەمێ دابڕانی بۆ مان هانی
ئەم باخچەیە پڕ لەگوڵ بوو، گوڵێ ئاخۆ کێ سووتانی؟

کچ:
کاڵ بوونەوە ئەو ڕێیانەی جاران بۆ لات ئەیانبردم
نغرۆبوون ئەو هەستانەی وا شەرمن شەرمن ئەیانکوشتم
وەکوو جاران کە ئەتبینن پەنجەکانم داناگیرسێن
پڕ ئەرخەوانێ گوڵ ناگرێ هەناسەم کاتێ کە ئەرژێن

کوڕ:
ئەمشەو ماڵی عەشقی ئێمە بێ ژووان و بێ چرایە
هۆ خاتووزین سێوی تەمەن لەنێو دەستی گریانایە
من خەمێك و تۆ کسپەیە نیشتیمانێ لەگوناهین
ئاخر گوڵم کێ ئەیزانی خۆمان ئاستانەکەی ئاهین

کچ:
ئەمشەو عەشق پاییزێکەو مەرگی گەڵای لەچاوایە
بریا لاوە ئەمانزانی بۆ گریامان دوایی نایە؟
من لەعەشقا بەدیم کردی و ژ دابڕانا وونتەکەم
لاوە ئاخۆ کێ ئەیزانی وا ماڵئاواییت لێ ئەکەم؟

کوڕ:
من ئەڕۆم و دوا سەرنجی پڕ لەفرمێسکت هاوڕێمە

کچ:
چی دی بەیەك ناگەینەوە دڵ نیشتیمانێکی دێمە

2007-10-31
نەرویج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.